# راپۆرتی سیاسی

## کومیتەی بەڕێوەبەریی گشتی بۆ کۆنگرەی سێهەم

**پێشکەش کردنی : سۆران علیپور**

هاورێیانی خۆشەویست !

ئەندامانی بەرێزی کۆنگرە !

کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوان لە هەل و مەرجێکی سیاسی ئاستەمی نێونەتەوەیی و ناوچەیی دا پێك دێ، بێگومان لە ئارادابوونی دۆخێکی ئەوتۆ وێڕای کاردانەوەی لە سەر کۆی بوارەکانی ژیاری گەلانی جیهان، لە سەر چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەو گەلانەش و لە پێشەوەی هەموویان لە سەر توێژی لاوان شوێنپێی خۆی بەجێدەهێڵێ، نێوان هەردوو کۆنگرەی دووهەم و سێهەم(گەلاوێژی١٣٨٢تا گەلاوێژی ١٣٨٤) ئەگەرچی لە رووی زەمانیەوە مەودایەکی زۆر نیە بەڵام بە خستنەبەرچاوی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و رووداوانەی چ لە جیهان و چ لە ئێران و چ لە کوردستان دا شاهیدیان بووین، ماوەیەکی هەستیار وپڕبایەخە. لە ئێران دا خەباتی نەپساوەی رزگاریخوازی پێی ناوەتە قۆناغێکی چارەنووسسازەوەو بە بەرفراوانتر بوونی ئەو خەباتەش بە بەشداری چین وتوێژە جۆراوجۆرەکان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران زیاتر هەستی پێ دەکرێ، لاوان لە ئێران دا هەروا لە پێشەوەی ریزەکانی دژایەتی کردن لە گەڵ ئیستیبداد و سەرەرۆیی دان، هەربۆیە ئەو کۆنگرەیەش ئەرکێکی قورس و پڕ شانازیمان دەخاتە سەرشان و گەیشتن بە دەرەنجامێکی دڵخواز پێوەندی هەیە بە رادەی بەشداری و خۆماندوو کردنی ئێوە بەرێزان، ئەوەش لە کاتێك دایە کە یەکیەتیی لاوان لە دوو ساڵ رابردووی کارو تێکۆشانی خۆی دا بە دیدێکی گشتی بەرفراوانتر و بەهێزتر بووە، لق و پۆکانی بە جیهان دا بڵاوبوونەتەوە، وەك رێکخراوێکی ئاکتیڤی سینفی لە کوردستان دا ناسراوەو بێگومان لە راپۆرتی کاروتێکۆشان دا زیاتر ئەو مەسەلەیە روون دەبێتەوە. راپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی سێهەم لە گەڵ ئەوەدا کە ئاورێکی خێرا لە هەل ومەرجی جیهانی دەداتەوە، ئەوەش بە مەبەستی زیاتر روون بوونەوەو شوێنپێ هەڵگرتنی رووداوەکان و کاریگەریان لەسەر لاوان، لە بەشێکی دیکەدا وەزعیەتیی لاوان لە ئێران دا بە گشتیی و لاوانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیەوە لێك دەداتەوەو نەخش و رۆڵی لاوان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی دا وئەرك و بەرنامەکانی یەکیەتیی لاوان لەو پێوەندیەدا دەست نیشان دەکا.

### هەل و مەرجی جیهانی بە گشتیی

لێکدانەوەو تاوتوێ کردنی هەل ومەرجی جیهانی بەستراوەتەوە بە تێگەیشتن لە بەرژەوەندی زلهێزەکان و ئەو میکانیزمە جۆراوجۆرانەی کە ئەوان بۆ گەیشتن بەو بەرژەوەندیانە دەیگرنەبەر. لە دوو ساڵ رابردوودا وڵاتە پێشکەوتوو و خاوەن پیشەسازی و تیکنۆلۆژیە پێشکەوتووەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دا بوون کە لە کێشمەکێشە نێودەوڵەتیەکان دا بەشی شێریان بۆخۆیان بردووەو لە پێشەوەی ئەوانیش زلهێزێکی وەك ئامریکاو هاوپەیمانەکانی بەرچاودەکەون کە لە یەکلایی کردنەوەی هاوکێشە سیاسی‌یەکان دا بریاری کۆتایی دەدن، لە دوو ساڵی رابردوو دا مەترسی‌یەکی ئەوتۆ لە لایەن هیچ یەك لە وڵاتانی دیکەی جیهان بەرژەوەندیەکانی ئامریکای نەخستۆتە ژێر مەترسی‌یەوە، بەڵکو لە یەکدەنگ کردنی بیرورای جیهانی لە ئاقاری بەرەوپێش بردنی بەرژەوەندی‌یەکانی دا سەرکەوتووتر بووە، ئەگەر ئاڵمان و روسیەو فرانسە لە پێش داگیرکردنی عێراق و ماوەیەکیش دواتر وەك یەکەیەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی ویستەکانی ئەمریکا لە جیهان دا دەهاتنە بەرچاو، ئێستا ئەو یەکەیەش بەهۆی بەشدارکردنی لە خێروبێری وڵاتانی دواکەوتوودا هەڵوێستی خۆی گۆریوە، هۆکارێکی دیکە کە توانیویەتی ئەوانە بخاتە ریزێکەوە، هەست کردن بە مەترسی‌یە جیددی‌یەکانی تیرۆریزم بووە کە ئێستا بووە بە کێشەیەکی جیهانی وبە بێ لەبەرچاوگرتنی پێناسە کلاسیکەکان بووە بە جەمسەرێکی شاراوەی جیهانی، رەوتێکی دیکە کە ئامریکا نەك هەر لە رۆژهەڵاتی نێوەراست بەڵکو لە زۆربەی جیهان دا پشتیوانی لێدەکا، پشتیوانی کردن لە پرۆسەی دێموکراسیە، ئەگەر رۆژگارێك حکومەتە موستەبیدە نێوەندخوازەکان خزمەتی بەرژەوەندی‌یەکانی وڵاتانی زلهێزیان دەکرد، ئێستا ئەو سیاسەتە بێجگە لە بنەمای بەرژەوەندی تێیدا، تەواو گۆرانی بەسەرداهاتووە، ئەو رەوتە



رەزبەری ١٣٨٤ی هەتاوی، ژمارە ٢٢

# مەترسیەک کە ئەورۆ هەڕەشە لە مرۆڤایەتی و لەو نێوەش دا،هەڕەشە لە توێژی لاوان دەکا، تیرۆریزمە



گومانی تێدانیە کە پێش ئەوەی خزمەت بە مرۆڤایەتی بە گشتی بکا، قازانجی زلهێزەکانی تەئمین کردووە، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە تەنیا ئەوان نین کە لەو پرۆسەیەدا سوودمەند دەبن، زۆر لە گەلانی جیهانیش کە تا دوێنێ تالآوی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییان دەچێشت، ئێستا لە پێش ئاسۆیەکی ڕوونتر دان. دیارە ئەگەر واقیعیتر بڕوانین، دەبینین کە کێشەکانی ئەو وڵاتانەو کاریگەریە ناڕاستەوخۆکانی دەسەڵاتدارانی پێشوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر دەمێننەوەو وەک بەڵایەک میللەتان دوای سەربەخۆیی سیاسی گرفتار دەکەن، کە نموونەکەی لە ئەفغانستان و عێراقدا دەبینین. بنیادنانەوەی سیاسی ئەگەر هاوکات و هاوتا نەبێ لەگەڵ پرۆسەکانی بنیادنانەوەی ئابووری و فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی، ئەوا قەیرانێکی گەورەتر و قووڵتر هەڕەشە لە جیهان دەکا.

### تیرۆریزم کێشەیەکی جیهانی

مەترسییەک کە ئەورۆ هەڕەشە لە مرۆڤایەتی و لەو نێوەش دا هەڕەشە لە توێژی لاوان دەکا، تیرۆریزمەو وەک مەترسییەکی جیهانی دێتە بەرچاو، هەرچەندە ڕابردوویەکی دوورودرێژی هەیەو لە فۆرم و ناوی جۆراوجۆردا لە مێژوودا بوونی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە. زیاتر مەبەست لە کردەوەو بیروبۆچوونەکانی گرووپە ڕادیکاڵ و بونیادگەراکانە، یان ئەو توندوتیژیەی هێندێک لە حکومەتەکان پشتیوانی لێدەکەن، کە بەشی زۆریان لەژێر پەردەی ئاین دا ئەوکارە دەکەن. تیرۆریزم دوای ١١ی سێپتامبر وەک بەربەیەک لە ئاست لیبرالیزم و بەرەی دژە تیرۆریزم بە سەرۆکایەتیی ئامریکا دەناسێندرێ، هەڵبەت کێشەکە لە چوارچێوەی چەند گرووپێکی نایاسایی دا نەماوەتەوە، بە خۆشییەوە ئێستا بەشێک لەو وڵاتانەش کە پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکەن وەک "تەوەری شەڕ" لە جیهان دا ناسێندراون، بەڵام کاتێک کێشە دروست دەبێ کە پێناسەکردن و دژایەتی کردنی تیرۆریزم لەسەر بنەمای بەرژەوەندی لایەنێک یا زلهێزێک یەکلایی بکرێتەوە. یەکێک لەو ڕەوتانەی کە زۆرترین تۆمەتی کردەوە تیرۆریستیەکانی دەخرێتە پاڵ، ڕەوتی بونیادگەراو ڕادیکاڵی ئیسلامیە، کە نەک هەر بۆ ڕۆژئاوا، تەنانەت بۆ وڵاتانی موسوڵمان نشینیش پەتایەکی ترسناکە، لاوان لەو دیاردەیەدا یەکێک لە قوربانیانی سەرەکین، ئەوان بەهۆی خوێنگەرم بوون و توانای دەروونی و جەستەیی لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە بەلاڕێ دا دەبردرێن و تووشی داوی ئەو باندانە دەبن، لە کردەوە خۆکوژی و تێکدەرەکانیان دا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لاوەکان بەشێکی زۆری ئەو کەسانە پێک دێنن کە لە ئەنجامی کردەوەی تێکدەرانەی تیرۆریستەکانەوە دەبنە قوربانی. لە زۆر شوێنیش دا بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و لەنێوبردنی تیرۆریزمەوە ئازادییە تاکەکەسییەکان سنووردار دەکرێن و ڕێگەی ژیانێکی ئاسایی لە لاوان دەبەسترێ. یەکیەتیی لاوان پێیوایە کە تیرۆریزم پەتایەکی گشتییەو پێویستە بەربەرەکانی بکرێ، لاوانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەوەش بەباوەڕ هەبوون بەو بنەمایەی کە توندوتیژی و توندڕەوی لە ژێر هەر ناوێک دابێ و هەرگرووپێك ئەنجامی بدا، دیاردەیەکی ترسناکە، پێویستە هۆیەکانی گەشەکردنی تیرۆریزم هاوکات لەگەڵ دژایەتی کردنی تیرۆریستان لە نێو ببردرێ.

### بە جیهانی بوون و لاوان

ناکرێ باس لە هەلومەرجی جیهانی بکەین و باس لە بەجیهانیبوون و کاریگەرییەکانی لە ڕاپۆرتێکی ئەوتۆدا نەکەین، بە تایبەتی ئەوە کە لاوان لە پشتیوانی کردن و زۆرجاریش لە دژایەتی کردنی ئەو دیاردەیەدا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە، نزیکبوونەوەی فەرهەنگەکان لە یەکتر و شۆڕشی زانیارییەکان و خێرایی گواستنەوەی ڕووداوەکان، کاردانەوەی جۆراوجۆری دروست کردووە، لایەنە باش و خراپەکانی لێک دراوەتەوە، بەڵام لاوان ئامادەترین توێژی کۆمەڵگاکانن کە بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی بەجیهانیبوون کاریان لە سەردەکرێ، ئەو ڕووداوانە لە بەهێز کردنی هەستی هاودەردی و پشتیوانی کردنی نەتەوە ئازادیخوازەکان لەیەکتر و شارەزابوون لە هەل و مەرجی جیهانی بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دواکەوتووی وڵاتانی جیهانی سێهەم و بارودۆخی ناڵخوازی سیاسی لەبەشێک لەو وڵاتانەدا، لاوان بەرەو پێشوازی کردن لەو دیاردەیە هان دەدا، بۆ یەکیەتیی لاوانیش گرینگە کە بەکەڵک وەرگرتنی زیاتر و باشتر لەو دەسکەوتانەی کە لەو پێوەندییەدا هاتوونەتە گۆڕێ درێژە بە ئامانجەکانی خۆی بدا و لە لایەکی دیکەشەوە پشتگیری لە مانەوەی میراتی نەتەوەیی و فەرهەنگی بکاو لاوان بەرەو پاراستن و سەرلەنوێ ناسینەوەی دەسکەوتە مادی و مەعنەوییە خۆماڵییەکان کە بەرامبەر بەو تەوژمە مەترسی لەناوچوونیان هەیە، هان بدا. واتە بە هۆشیارییەوە هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ بەجیهانیبوون بە شێوەیەک کە لە دنیای دەرەوە دانەبڕێن و ناسنامەی خۆشمان لەدەست نەدەین، یەکێک لە ئەرکەکانمانە.

### ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەو لاوان

پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە کە لە لایەن کارناسانی ڕێکخراوەکانی لێکۆڵینەوەی ئامریکایی داڕێژراوەو جێگەی پەسندی حکومەتی ئامریکاو حەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی دیکەی جیهانە، یەکێک لەو گەلاڵانەیە کە مشتومڕێکی بەرچاوی جیهانی لێکەوتۆتەوە، ئەو گەلاڵەیە لە نێوەرۆکی خۆی دا گەلاڵەیەکی تەواو سیاسی نیە بەڵام لە دوورمەودا زۆر ئامانج لە بەرژەوەندی ئامریکاو هاوپەیمانەکان دا دەپێکێ. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خراپی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا و ئەو ئامارانەی لەو پێوەندییەدا لە پرۆژەکەدا بڵاوکراوەتەوە تاکە ڕێگەی دەربازبوون لەو تەنگژەیە ئەنجامدانی چاکسازی لە هەموو بوارەکان دایە. نەهادینەکردنی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی ژنان، ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی بەیان لەو بابەتانەن کە گرینگی تایبەتیان پێدراوە، بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانی کردن لە ڕەوتە ئازادیخوازی و چاکسازیخوازەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خزمەت بە گەل و نەتەوە زوڵم لێکراوەکان بە تایبەتی و لاوان بە گشتی دەکا. بێگومان

نەتەوەی کورد و لاوانیش دەتوانن بەشێك لە بەرژەوەندییەكانی خۆیان لە پرۆژەیەكی ئەوتۆدا ببیننەوە.

## لاوان لە ئێران دا
## كۆماری ئیسلامی دوژمنی لاوبوون

كۆماری ئیسلامی وەك یەكێك لەدواكەوتووترین حكومەتەكانی سەردەم، لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی لە ئێران دا و بەتاڵان بردنی دەسكەوتەكانی شۆرشی گەلانی ئێران، تا ئێستا كە ٢٦ساڵ بەسەر تەمەنی دا تێدەپەرێ، خەڵكی ئێران بەگشتی و لاوانی بە تایبەتی خستۆتە نێو رۆژرەشی و نەهامەتی سیاسەتە چەوت و دژی ئینسانییەكانی خۆی، ئەوان لە سەرەتادا بە حاكم كردنی كەشوهەوایەكی پۆلیسی دەرەتانی هەر چەشنە چالاكییەكی سیاسی و فەرهەنگیان لە خەڵك گرت و ئازادییە تاكەكەسی و گروپییەكانیان سنوردار كردەوە، بە وەرێخستنی سیناریۆیەكی دژە ئازادیانە بە ناوی"شۆرشی فەرهەنگی" زانكۆكانیان لە فیلتەر دا و بە بەرزكردنەوەی دروشمی تێكەڵ كردنی "حەوزە عیلمیەكان لەگەڵ قوتابخانەو زانكۆكان" هەوڵی هەرچی زیاتر كۆنترۆل كردنی ئەو نێوەندانەیان دا، ئەو حەرەكەتە گورزێكی كاریگەری لە لاوانی ئازادیخواز و دژەسەرەرۆیی دا كە لە زانكۆكانی ئێران دا دەیانخوێند، بە كۆنترۆل كردنی زانكۆكان هەوڵیان دا ئەو بزووتنەوەیەش كۆنترۆل بكەن كە لە زانكۆكان دا هەبوو، بە دوای ئەو سیاسەتەدا سەرانی كۆماری ئیسلامی دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆرشیان بەرز كردەوەو بە كەڵك وەرگرتن لە رێگەی جۆراوجۆر ژمارەیەكی زۆر لە لاوانیان مۆبیلیزە كرد و لە شەری ٨ساڵەی ئێراق و ئێران دا كردیاننە قوربانی، شەرێك كە كاریگەرییەكانی زیاتر لە خودی شەرەكە ئێستا داوێنی چین و توێژە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵی ئێرانی گرتووە، هەر لە ماوەی شەردا سەرانی ئەو رژێمە بەرنامەی زیادكردنی بێپرۆگرام و نەخشە بۆدانراوی حەشیمەتی ئێرانیان هێنایە گۆرێ، تەمەنی پێكهێنانی ژیانی هاوبەشیان بۆ كوران و كچان هێنایە خوارێ و لە رێگەی جۆراوجۆرەوە پشتیوانی ئەو كارەیان كرد، ئەو منداڵانەی كە لەو رۆژانەدا لە دایك بوون ئێستا بەتەمەنترینیان تەمەنی ٢٤ساڵەو كەم تەمەنترینیان تەمەنی ١٦ ساڵە، واتە ئەو نەوەیەی كە بە نەوەی دوای شۆرشی گەلانی ئێران ناسراون، بەشی زۆری لاوانی ئێران پێك دێنن، لاوانی خوار تەمەنی ٢٩ ساڵی زیاتر لە ٦٠لەسەدی دانیشتووانی ئێران پێك دێنن، هەبوونی كۆمەڵگەیەكی لاو لە هەر وڵاتێكی پێشكەوتوودا یەكێك لە خاڵە بەهێزەكانی هەر حكومەتێكە كە بیهەوێ كەڵك لەو هێزە گەورە مرۆییە وەرگرێ، بەڵام لە ئێران دا بووە بە كێشەیەكی جیددی، چونكە زیادكردنی حەشیمەت هیچ پلانێكی وردودرێژخایەنی لە پشت نەبوو، ئامانجی سەرەكی لەوكارەدا زیادكردنی ژمارەی هێزە چەكدارەكان و كردنە قوربانیان بوو لە بەرەكانی شەرێكی ماڵوێرانكەردا، كاتێك شەر كۆتایی پێهات بێجگە لە كاردانەوە سلبییەكانی شەر لە سەر پێكهاتەكانی كۆمەڵی ئێرانی، ژمارەیەكی زۆریش لە لەدایك بووانی ئەو دەورەیە، (كە بە پێی ئامارێك هەر ساڵێك لەو ساڵانە ٢ ملیۆن منداڵی لەدایك بوو تۆمار كراوە) واریدی كۆمەڵگە بوون، كاتێك سەرانی رژێم وەئاگا هاتنەوە كە ئیدی چارەسەرێكیان لەدەست نەدەهات، نەوەیەك پێگەیشتبوو كە پێویستی بەهەموو ئیمكاناتی رۆژ هەبوو، ئەوە لە كاتێك دابوو كە رێژیم شانی لە ژێر باری قورسی ئاكامەكانی شەردا چەمیبۆوە، مەحاڵ بوو بتوانێ ئەو ژمارە زۆرەی لەدایك بووان لە بوارەكانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی و فەرهەنگی دا سوودمەند بكا، ئێستا ئەو نەوەیە هێزی سەرەكی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆی ئێرانی پێك دێنێ.

سەپاندنی فەرهەنگ و رێوشوێنێكی یەكدەست لە نێو لاوان دا و لە نێوبردنی ئازادییە تاكەكەسییەكان، لە هەڵبژاردنی حیزبی سیاسی تا دەگاتە هەڵبژاردنی پۆشاك و بەرفراوانتر كردنی مەوداكانی نێوان كچان و كوران و پەرەپێدانی ئەو جیاوازیانەی لە نێوان كچان و كوران دا هەیەو پركردنی نێوەرۆكی كتێبە دەرسییەكان لە مەسەلەی كەم بایەخ و پروپووچ، لە سیاسەتەكانی دیكەی ئەو رژێمە دواكەوتووە بوون.

### لاوان و دیاردە نەخوازراوەكان

**ئیعتیاد**

پەرەگرتنی ئیعتیاد یەكێك لە دیاردە هەرە بەرچاوەكانی دوای شەری عێراق و ئێرانە، دیارە بەكارهێنانی مادە بێهۆشكەرەكان لە ئێران دا مێژوویەكی دوورودرێژتری هەیە، بەڵام لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی كۆماری ئیسلامی دا پەرەگرتنێكی زیاتری بەخۆیەوە دیتووە، رێژەی بەكارهێنانی ئەو مادەیەو جۆرەكانی رۆژ لە دوای رۆژ لەهەڵكشان دایە، توێژێكیش كە زیاتر لە هەموو توێژەكانی دیكەی كۆمەڵ بەو دیاردەیەوە گرفتارن لاوانن و بە پێی ئامارە نارەسمییەكان هەر ئێستا لە ئێران دا نزیك بە ١٠ملیۆن موعتاد هەیەو ٪٨٠ی ئەوانەی كە تووشی ئیعتیاد بوون لاوانن، كە تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا ٣٠ ساڵی دایە، هۆكارەكانی پەرەگرتنی ئەو دیاردەیە زۆرن كە دەتوانین ئاماژە بە هەڵوێستی چەوتی ئەو رژێمە بكەین لە سەرەتای پەرەگرتنی ئەو دیاردەیەدا، ئەوان دەیانویست بە پەردەپۆش كردنی ئەو دیاردەیەو بڵاوكردنەوەی ئاماری دوور لەراستی لەو پێوەندیەدا، رێگە لە ئاشكرابوون و پاشان چارەسەركردنی ئەو قەیرانە بگرن، لە لایەكی دیكەشەوە لە بنەبركردنی ئیعتیاد لە نێو لاوان دا شێلگیر و جیدی نەبوون، ئەگەرچی جاروبار لەو پێوەندیەدا هێندێك لە چالاكی هێزەكانیان بڵاو دەكەنەوە، بەڵام ئەوەش تەنیا چاوبەستێكە، تووشبوونی لاوان بەو دیاردەیە، ئەوان لە مەیدانی چالاكییەكان دوور دەخاتەوەو ئەو هێزە جەستەیی و دەروونییە گەورەیەی لە ناخی هەر لاوێك دا هەیە، بە فیرۆ دەدا، تا لاوان لەو مەیدانە دوورتر بن رێژیم دەردەسەری كەمترە و لە چەسپاندنی سیاسەتەكانی خۆی دا دەستی واڵاترە.

لە كوردستان دا پەرەگرتنی ئیعتیاد دیاردەیەكی زۆر ترسناكترە،چونكە لەو ناوچەیەدا سیاسەتێكی ترسناكی كۆماری ئیسلامی لە پشتە، هەبوونی بزووتنەوەیەكی ئازادیخوازی نەتەوەیی لە كوردستان هەستیاری ئەو ناوچەیەی لەچاو

هەبوونی كۆمەڵگەیەكی لاو لە هەر وڵاتێكی پێشكەوتوودا یەكێك لە خاڵە بەهێزەكانی هەر حكومەتێكە كە بیهەوێ كەڵك لەو هێزە گەورە مرۆییە وەرگرێ



گزنگ
رەزبەری ١٣٨٤ی هەتاوی، ژمارە ٢٢

# زۆر دیاردەی نەخوازراوی دیکەش لە نێو لاوان و تازە لاوان دا پەرەی گرتووە،کە لە زۆربەیان دا دەبێ ڕێژیم وەك تاوانباری سەرەکی بناسرێ

بەشەکانی دیکەی ئێران دا بردۆتە سەرێ، بۆ کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە کە ببینێ لاوان تووشی داوی ئێعتیاد بوون و لە مەسەلە نەتەوایەتی‌یەکەیان مەودایان گرتووە. لەگەڵ ئەوانەش دا ئەو ڕێژیمە ڕێگە لە بڵاوکردنەوەی ئاماری دروستی موعتادان لە کوردستان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو زانستی لەو بوارەدا دەگرێ. ژمارەی موعتادەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەگرێ، کە هەبوونی ئەو دیاردەیە تەنیا لە ڕەگەزی نێر دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو ژمارەی ئەو کچ و ژنانەی لە گەڵ مەترسی موعتادبوون بەرەوروون روو لە هەڵکشانە، لە کاتێك دا کە کارێکی گشتگیری جیددی بۆ لە نێوبردنی هۆکارەکانی تووشبوون بەو دیاردەیە نەکراوە. ئێعتیاد بێجگە لە دەرەنجامە تاکەکەسی‌یەکان زۆر ئەنجامی نەخوازراوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی لێدەکەوێتەوە، کە سەرچاوەی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی زۆر دیاردەی دیکەی وەك تێکچوونی شیرازەی بنەماڵەو تووش بوون بە نەخۆشیە دەروونیەکان وئەو نەخۆشیانەن کە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگوێزرێنەوە.

## بێکاری

زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەك و سنوورداربوونی دەرفەتی کار لە لایەکی دیکەوە، بۆتە هۆی بەرەوسەر چوونی ڕێژەی بێکاری بە تایبەتی لە نێو لاوان دا، سیاسەتی چەوتی ئابووری کۆماری ئیسلامی کە بە پێی پێوەرەکانی خۆیان پێڕەوی لە بنەمای ئابووری دەوڵەتیی دەکەن و کەرتی تایبەتییان خستۆتە پەراوێزەوە، یەکێك لە هۆکارەکانی پەرەگرتنی بێکاریە، لە کاتێك دا ڕێژەی بێکاری لە هەڵکشان دایە، کە داهاتی وڵات لە لایەن چەند گروپ وبونیادو لایەنێك کە سەر بە نێوەندە ئاینی‌یەکانی بڕیاردەرن، پاوان کراوەو بەشێکی بەرچاو لەو داهاتە سەرفی کاروباری نیزامی و بە تایبەتی گەشەپێدانی پیشەسازی پیتاندنی یۆرانیۆم وهەوڵدان بۆ دروست کردنی چەکی ناوەکی دەکرێ، زۆر بوونی فەسادی ئیداری و ماڵی و ریشوەو دزی لە نێو دام و دەزگاکانی دەوڵەت دا هۆکارێکی دیکەی پەرەگرتنی ئەو دیاردەیەیە، بێکاری لە پێناسەی یەکەم دا وەك گرفتێکی ئابووری پێناسە دەکرێ، بەلام ناکرێ تەنیا لە نێو هەل و مەرجی ئابووری دا بەدوای ئەنجامەکانی ئەو دیاردەیە دا بگەرێین، بە تایبەتی کاتێك لەوە تێگەیشتبێین کە بێکاری سەرەتای دەیان کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی‌یە. هەر ساڵەو بڕێکی دیاریکراو لەوانەی کە توانای کاریان هەیە پێ‌دەنێنە مەیدانی کار، چ ئەوانەی کە لە ڕووی تەمەنەوە دەگەنە ئەو ئاستەی کە توانای کاریان هەبێ و چ ئەوانەی کە قوتابخانە، زانکۆ، یان نێوەندە زانستی‌یەکانی دیکە تەواو دەکەن و پێویستە دەرفەتی کاریان بۆ تەرخان بکرێ، ڕێژەیەکی بەرچاو لەوانەی کە زانکۆکان تەواو دەکەن بە تایبەتی لە ناوچە دووردەستەکان و ئەو شوێنانەی کە دەرفەتی کاری تێدا هەڵناکەوێ، بێکار دەمێننەوە یان کاری ژێرپەردە"شغل کاذب" دەکەن، لە کوردستان دا باروودۆخەکە بەدەیان جار خراپترەو بە بەراوردکردن لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران ڕێژەی بێکاری زیاترە، دواخستنی ئەو ناوچەیە لە ڕووی گەشەپێدانی ئابووری و پێك نەهێنانی دەرفەتی کار لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، بە بیانووی نەبوونی ئەمنییەتی پێویست بۆ سەرمایەگوزاری، هەبوونی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو وێران کردنی ژێرخانی ئابووری ئەو ناوچەیە بەدرێژایی ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق و پراکتیزە کردنی سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی لە سەر دانیشتوانی کوردستان، لە لایەن ڕێژیمەوە لە هۆکارەکانی پەرەگرتنی ئەو دیاردەیەن لە کوردستان دا. هەبوونی کار بۆ هەموو لاوێك بە پێی تواناو شارەزایی و پسپۆری مافی هەموو لاوێکەو بێبەش بوونی لەو مافە ستەمێکە کە پێویستە دژایەتی بکرێ.

## هەڵاتنی مێشکەکان

ئێران لە نێو ٩١ وڵاتی جیهان دا زۆرترین ژمارەی هەڵاتنی مێشکەکانی هەیەو ساڵانە ١٨٠٠٠٠ کەس لە هێزی تواناو پسپۆری ئەو وڵاتە کە ٪٨٠یان تەمەنیان لە نێوان ٢٥ تا ٣٠ ساڵی دایە، ئێران بەرەو وڵاتانی ئۆروپای ڕۆژئاوا یان ئامریکا بەجێ دێڵن، شەپۆلی گەورەی خاوەن پسپۆری کە ڕوودەکاتە دەرەوەی ئێران یەکێك لەو تەنگژانەیە کە لە داهاتوودا کۆمەڵی ئێرانی تووشی گیروگرفتی گەورە دەکا، نەبونی ئازادی، نەبونی سەربەخۆیی لە کارکردن دا، کەمی داهات، پێشوازی وڵاتانی دیکە لەوانەی کە خاوەنی پسپۆرین و فشاری سیاسی لەو هۆیانەن کە لاوانی وڵات و بە تایبەتی نوخبەکان بۆ بەجێ هێشتنی ئێران هان دەدا. کاردانەوەکانی ئەو کۆچە لە زۆر ڕووەوە جێگەی گرینگی پێدانە، بێبەش بوونی خەڵکی وڵات لە کەسانی شارەزاو بەهەدەر چوونی ئەو سەرمایەی کە لە پەروەردەکردنیان دا خەرج کراوە لە ئەنجامە دیارەکانی ئەو دیاردەیەن.

## کۆمەڵێك دیاردەی نەخوازراوی دیکە

**ئێیدز:** وێرای ئەو کێشەو دیاردانەی کە لەسەرەوە باس کران و بە توندترین شێوە داوێنی لاوانی ئێران و کوردستانیان گرتۆتەوە، زۆر دیاردەی نەخوازراوی دیکەش لە نێو لاوان و تازە لاوان دا پەرەی گرتووە، کە لە زۆربەیان دا دەبێ ڕێژیم وەك تاوانباری سەرەکی بناسرێ، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئێیدز وێرای هەوڵی زۆری ڕێژیم بۆ دیزەبەسەرخۆنە کردنی، ئێستا بووە بە هەڕەشەیەکی جیددی، لەگەڵ ئەوەدا کە سەرانی ڕێژیم لە سەرەتادا بە هەموو شێوەیەك نکۆڵیان لە هەبوونی دیاردەیەکی ئەوتۆ دەکرد، بەڵام سەرەنجام دانیان بەو ڕاستیەدا نا کە ژمارەی تووشبوانی ئێدز لە سی هەزار کەس تێپەڕی کردووە، ئەوە لە کاتێك دایە کە نێوەندە نارەسمیەکان باس لە ٥٠ هەزار تووشبوو بە ڤایرۆسی (HIV)دەکەن،

**ڕاکردن لە ماڵەوە**

بەجێهێشتنی کانوونی گەرمی بنەماڵەو ڕووکردنە خیابان و پارکەکان و یان لە ڕێگەی باندەکانی مرۆڤ فرۆشیەوە، ڕووکردنە وڵاتانی دیکەی جیهان، یەکێکی دیکە لەو مەترسیانەیە کە هەرەشە لە لاوان و تازەلاوانی ئێران دەکا، ئەو دیاردەیە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێناس دەکرێ و زیاتر ئەو لاوانە دەگرێتەوە کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیان هەیە یان توندوتیژیان دەرهەق کراوەو پێداویستیەکانیان دابین نەکراوەو هەبوونی

درزێك له نێوان دایكان و باوكان وله گەڵ منداڵەكانیان هۆكارێكی دیكەی پەرەگرتنی ئەو دیاردەیەیە، بەشێكی بەرچاو لەوانەی كە ماڵ بەجێ دەهێڵن، زۆر مەترسی هەڕەشە لە ژیانیان دەكاو بە هۆی ئەو دیدە سوننەتی‌یەی كە لە كۆمەڵ دا باوە رێگەی گەرانەوە بۆ ماڵیان لێ دەبەسترێ، بەشێكی زۆر لەو لاو یان تازە لاوانە لە ترسی ئەنجامەكانی كارێكی ئەوتۆ بڕوا بە لایەنە پێوەندیدارەكان ناكەن و خۆیانیان پێ ناناسێنن، زۆر جار ئەو لاوانە و بە تایبەتی كچان دەكەونە داوی باندەكانی مرۆڤ فرۆشتن و بازرگانی سێكس و بۆ وڵاتانی دیكەی جیهان بە تایبەتی بۆ وڵاتانی كەنداو بەرێ دەكرێن.

## لەشفرۆشی

بەربڵاوبوونی دیاردەی لەشفرۆشی بەتایبەتی لە نێو لاوان دا دیاردەیەكی دیكەی دزێوە كە لە ٢٦ ساڵی رابردوو دا، وێرای هەبوونی حكوومەتێكی ئیسلامی لە پەرەگرتن دابووە، هۆكاری سەرەكی ئەو دیاردەیە كەم دەرامەتی و هەژاری و بێكاری لە لایەك و كەمتەرخەم بوونی رێژیم سەبارەت بە گەشەكردنی دیاردەیەكی لەو چەشنە و بێ توانایی لە ئیدارەكردنی وڵات دایە، زۆر جار لەشفرۆشی وەك دوایین كارت بۆ گەیشتن بە ژیانێكی ئاسوودە لە لایەن لاوانەوە كەڵكی لێ وەردەگیرێ.

لە گەڵ هەموو ئەو دیاردانە دا كە بەداخەوە لاوانی وڵات بە پلەی یەكەم تێی‌دا زەرەرمەندن، دیاردەكانی وەك خۆكوژی، خەمۆكی، نائومێدی، گۆشەگیری، باوك سالاری‌و............لەو دیاردانەن كە كەم و زۆر لاوان بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

## بەشداری لاوان لە بزوتنەوەی دژە كۆماری ئیسلامی دا

لە دەیەی ٦٠دا كۆماری ئیسلامی بەشێك لە لاوانی خستە نێو بازنەی دروشمە بریقەدارەكانی و كردنی بە سوتەمەنی شەرێك كە بێجگە لە وێران بوونی ژێرخانی ئابووری و تەشەنەكردنی دەیان دیاردەی جۆراوجۆر، ئەنجامێكی دیكەی نەبوو، بەڵام لە تەنیشت ئەوەشەوە زۆر بوون ئەو لاوانەی كە بەربەركانی ئەو رێژیمەیان كردو بەشێكیان وڵاتیان بەجێهێشت و بەشێكی دیكەشیان كەوتنە زیندانەكان یان ئیعدام كران، دوای شەڕیش كە دەبوو قۆناغی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی وڵات بێ، قەیرانەكان توندوتیژتر لە پێشووش درێژەیان كێشاو بەرنامە ئابووریەكانی رەفسەنجانی كە ئەو كات سەركۆمار بوو، لە گەڵ شكستێكی زەق بەرەو ڕوو بوو، لاوان لەو قۆناغەدا سەردەمێكی پڕ لە سەركوت و خەفەقان و بێكاری و هەژاریان تێپەڕ كرد، ئەوان لە بەشی هەرەزۆری بزاوتەكانی نارەزایەتیی دەربرین دا لە ریزی پێشەوەدابوون، لە گەڵ هەموو ئەوانەدا نەوەیەك هاتبووە مەیدان، بە پێچەوانەی رەوتی بیركردنەوەی سەرانی كۆماری ئیسلامی كە دەبوایە وەفادارترین نەوە بە دەسكەوتەكانی شۆرش بایە، ئەو جۆرە لە ئاو نەهاتە دەرێ كە چاوەروانیان دەكرد، فشاری شوێندانەری لاوان بۆ بەرفراونكردنی بازنەی تەسكی ئازادی لەو وڵاتەدا رووداوی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی لێكەوتەوە، لاوان لە هێنانە ئارای ئەو رەوتە دا دەوری سەرەكیان گێرا، نییەتیی سەرانی رێژیم هەر شتێك بووبێ، لەخۆبوردوویی و هەوڵ و تێكۆشانی ئازادیخوازانەی لاوان كە پشتیوانیان لە رەوتێك بە نێوی ریفۆرمخوازی دەكرد ناخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەگەر ئەو رەوتە هیچ ئەنجامێكی لێ نەكەوتبێتەوە، ئەو راستی‌یەی سەلماند كە گۆرانكاری پێویستی بە گۆرینی ماهیەتیی رێژیم هەیە نەك بە مكیاژ كردن، دوای رووداوی ١٨ی پووشپەری ١٣٧٨ و سەركوت كردنی یەكێك لە بزاوتە خوێندكاری‌یەكان لە زانكۆی تاران دا و پشت تێكردنی خاتەمی لەو حەرەكەتە، كە بۆخۆی بە پشتیوانی لاوان و ژنان هاتبوە سەر دەسەڵات، قۆناغێكی دیكە لە بێ‌هیوایی و نائومێدی لاوان سەبارەت بەو رێژیمە دەستی پێكرد، هەرچەند خاتەمی دوو دەورە وەك سەركۆمار لە ئێران دا هەڵبژێردرا، بەڵام سەرەنجام لە هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم دا زۆرینەی پەرلەمانی لەدەست دا و لەدوایین هەڵبژاردنی سەركۆماریش دا ئەو رەوتە بە نێو ریفۆرمخوازی‌یە حكومەتیشی لە دەست دا، كە یەكێك لە هۆیەكانی ئەو مەسەلەیە بەشداری نەكردنی لاوان لەو هەڵبژاردنانەدا و "نا"گوتنێكی راستەوخۆ بە رێژیم بوو. بە هاتنە سەركاری ئەحمەدی نەژاد و یەكرەنگ بوونی دەسەڵات ، چۆنیەتیی هەلوێست گیری لەبەرامبەر ئەو رێژیمەدا ئاشكراتر و روونتر خۆی دەنوێنێ، لاوانیش هەر لە ئێستاوە بە تایبەتی لە كوردستان دا دەزانن كە چۆن بەربەرەكانی رێژیمێكی ئەوتۆ دەبنەوە. لە راستیدا ئەحمەدی نەژاد شتێكی نامۆ بە ماهیەتیی ئەو رێژیمە نیە، بوونە سەركۆماریشی بە پشتیوانی خامنەیی و باڵی پاوانخواز، وەك ئامادەكاری‌یەك بۆ بەرەورووبونەوەی رووداوەكانی داهاتوو، لە لایەن ئێرانەوە دێتەبەرچاو، بێجگە لەوەی كە رابردوویەكی خاوێنی نیەو بە زۆر تۆمەت تاوانبارە.

## لاوانی كورد و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ئازادیخوازی

كوردستان لە ئێران دا مەڵبەندی سەرەكی بەربەرەكانی لە گەڵ حكوومەتە نێوەندگەرا سەرەرۆكان دابووە، لە بەدەسەڵات گەیشتنی كۆماری ئیسلامیشەوە تا ئەورۆ ئەو ئەركەی خۆی بەوپەڕی شانازیەوە بەجێ گەیاندووە، لەو بزووتنەوەیەش دا كە حیزبی دێموكرات رابەرایەتیی كردووە، لاوان لە ریزی پێشەوەدابوون، پێشتر باس لەو دەورانە كراوە، بەڵام ئەوەی كە بۆ ئەو راپۆرتە گرینكە نێوان كۆنگرەی دووهەم و سێهەم وئەو رووداوانەن كە لە دوو ساڵی دوایی روویانداوە و بە تایبەتی لە زیاتر لە مانگێك لەمەوبەرەوە لە كوردستان دا دەستیان پێكردووە، لاوەكانی كوردستان لە دوو هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم و هەلبژاردنی سەركۆماری دا هاوشان لەگەڵ چین و توێژەكانی دیكەی كۆمەڵی كوردی بەشداریان نەكرد و هەڵبژاردنەكانیان تەحریم كرد، سەبارەت بە رووداوە خۆش و ناخۆشەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستان هەڵوێستی ئاشكرایان هەبوو، بە پشتیوانی كردن لە راپەرینەكەی قامیشلوو لە كوردستانی سوریەدا ئەوپەڕی هەستی هاوسۆزی و هاوپێوەندی نەتەوەییان دەرخست، خۆپێشاندان وەرێخستن بە بۆنەی چەسپاندنی فیدراڵی لە یاسای كاتی دەولەتی عێراق و دابینكردنی بەشی زۆری مافەكانی گەلی كورد لەو پارچەیەداو چەندین رووداوی دیكەی خۆش و ناخۆش بوونە هەوێنی دەربڕینی هەستی هاوسۆزی یا هاوخەمی لە لایەنی خەڵكی كوردستان بەگشتی و لاوان بە تایبەتی. ئەو نەوەیەی كە ئەورۆ

ئەو نەوەیەی كە ئەورۆ لە كوردستان هاتۆتە مەیدان نەوەیەكە نیشتیمان پەروەر

رەزبەری ١٣٨٤ی هەتاوی، ژماره ٣٢

**بەشداری ئازایانەی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش لەو بزوتنەوەیەدا یەکێك لە دەگمەنترین رووداوەکانی ٢٦ ساڵی رابردووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دایە**

لە کوردستان هاتوتە مەیدان نەوەیەکە نیشتیمان پەروەر و ئاگا بە ویستە نەتەوایەتی‌یەکانی کە لە تەنیشتیشیەوە لە رێگەی کاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی هەوڵی پەرە پێدان بەو هۆشیاریە دەدا، خوێندکارانی کورد لە رێگەی کۆبوونەوە لە دەوری بڵاقۆکە خوێندکاری‌یەکان و ئەنجومەنە ئەدەبیەکان، لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی و بردنە سەری ئاستی فەرهەنگی رۆڵی خۆیان گێراوە، ئەو رووداوانەی کە لە دوای ١٨ی پووشپەری ١٣٨٤ و بەدوای شەهید کردنی لاوێك لە مهاباد دا دەستی پێکرد و تائێستاش بەردەوامە و زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوە، قووڵی نەفرەتی لاوانی لەو حکوومەتە دەرخست. ئەو بزوتنەوەیە کاردانەوەیەکی خێرابوو بەرامبەر هەموو کردەوە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی و شەهیدکردنی لاوێك بە تایبەتیی، یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرەکی‌یەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیە کە لاوان لە ریزی پێشەوەی دان، ئەوەش ئاماژەیە بە گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی لە نێو لاوان دا و لەسەرێ بوونی ئاستی ئاگایی و هۆشیاری لە نێو ئەوان دا، بێگومان بەردەوامی ئەو بزووتنەوەو نەفەس درێژی‌یەکەی و پاشان نەمانەوەی لە چوارچێوەی شارێك یان ناوچەیەك و بەشداری ئازایانەی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش لەو بزوتنەوەیەدا یەکێك لە دەگمەنترین رووداوەکانی ٢٦ ساڵی رابردووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دایە. ئەو بزووتنەوەیە رۆژ لە دوای رۆژ داواکانی رادیکاڵتر دەکاتەوە و لە رووی زەمانی و مەکانی‌یەوە بەرفراوانتر دەبێ، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێویستی بە پشتیوانی و هاوخەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن هەیە بۆ هەماهەنگ کردن و رێکخستنێك لە نێو بەشەکانی ئەو بزووتنەوەیەدا. هەرچەندە ژمارەی شەهیدەکانی ئەو رووداوە بەرەو زیادبوون دەچێ و کەشوهەوای کوردستانیش پۆلیسی تر دەکا و بیانووی پتر دەداتە دەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، بەڵام لە بەرامبەریش دا کوردەکان لە بەرامبەر حکوومەت دا یەکگرتووتر و یەکدەنگتر دەکا.

**ئەرکەکانمان لە ئێستادا**

چالاکتر کردن و بەرفراوان کردنی رێکخراو:

بەرەو پێش بردنی یەکیەتیی لاوان وەك رێکخراوێکی تایبەت بە لاوان لەو رێگایانەی خوارەوە:

- ❖ گرنگی دان بە پاراستنی قەوارەی یەکیەتیی لاوان وەك رێکخراوێك کە بۆ ویستە سینفی و نەتەوایەتی‌یەکانی لاوانی کورد تێدەکۆشێ و هەوڵدان بۆ خۆگونجاندنی ئەو رێکخراوە لەگەڵ هەل ومەرجە جۆراوجۆرەکان.
- ❖ ناساندن و پێناس کردنی رێکخراو و ئەرکەکانی بۆ لاوانی کورد بە گشتی و ئەندامان بە تایبەتی و دروست کردنی هەستی هاوپێوەندی زیاتر لە نێو ئەندام و رێکخراودا.
- ❖ ناساندنی رێکخراوی یەکیەتیی لاوان بە رێکخراوە جیهانی‌یەکانی تایبەت بە لاوان و پەرەپێدانی پێوەندی یەکیەتیی لاوان لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی لاوان لە کوردستان و ئێران دا.
- ❖ بە ئۆرگانی کردنی زیاتری پێوەندی نێوان کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە نێوخۆو دەرەوەدا.
- ❖ هەوڵدان بۆ دروست کردنی فدارسیۆنێکی تایبەت بە رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان لە ئێران دا.
- ❖ گەڵاڵەکردنی ئایین نامەیەکی نێو خۆیی تایبەت بە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان و بڵاو کردنەوە و شیکردنەوەی بەرنامەو ئەساسنامەی یەکیەتیی لاوان.
- ❖ پێوەندی کردنی بەبەرنامەتر و گونجاوتر لەگەڵ لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران و راکێشانی هەڵبژاردەیەکی کاریگەری لاوان بۆ نێو رێکخراوەکە.
- ❖ پێکهێنانی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوان لە هەموو ئەو شوێنانەی کە لاوی کوردی ئێرانی لێیە چ لە باشوورو چ لە تاراوگەدا و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەیان لە ژێر چەتری ئەو رێکخراوەدا.
- ❖ گرینگی دان بە کارە تەبلیغاتی و بەهێزکردنی سایتە ئینترنێتی‌یەکان و دامەزراندنی نێوەندێکی هەواڵنێری تایبەت بە لاوان و پەرەپێدانی چالاکیە ئاموزشی و فەرهەنگی‌یەکان.
- ❖ پەرەپێدانی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر مێژووی یەکیەتیی لاوان ئەنجام دراون و هەوڵدان بۆ چاپکردنی نامیلکەیەك سەبارەت بە مێژووی ئەو رێکخراوەیە و دەستنیشان کردنی رۆژی دامەزراندنی.

**لە پێوەندی لەگەڵ لاوانی کورد دا بە گشتی**

- ❖ پشتیوانی کردنی بەردەوام لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران دا و هاندانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ بۆ پشتیوانی کردن لەو بزوتنەوەیە و رێکخستن و هاوئاهەنگی لە نێوانیان دا.
- ❖ پشتیوانی کردن و هاندانی لاوان بۆ بەشداری کردن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران دا.
- ❖ پەرە پێدانی هەستی نەتەوەیی و خۆشویستنی نیشتمانەکەیان لە نێو لاوانی کورد دا.
- ❖ هاندانی لاوان بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتە چەوت و دژە ئینسانی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانانەی رێژیم بۆ بەلارێ دابردنی لاوانی کورد دەیانخاتە گەر.
- ❖ پەرەپێدانی هەستی هاونەتەوەیی و هاوبەشی لە خێروخۆشی یەکتر دا، لە نێو لاوانی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە پارچەکانی دیکەی کوردستان.
- ❖ پشتیوانی کردن لە خوێندکارانی کورد و پشتگیری کردنی کارو چالاکی‌یەکانیان لە زانکۆکانی ئێران دا و هەوڵدان بۆ هەبوونی رۆڵێکی زیاتر لە خەباتی نەتەوەیی دا.

راپۆرتی سیاسی ئاوردانەوەیەك بوو لە هەل و مەرجی جیهانی و پێوەندی لاوان لە کوردستان و لە ئێران دا و دەست نیشانکردنی رۆڵی لاوان و یەکیەتیی لاوان لەو پێوەندیەدا.

سەرکەوتوو بێ سێهەم کۆنگرەی یەکیەتیی لاوان

سەرکەوتووبێ خەباتی ئازادیخوازی لاوانی کورد